# بەخۆنامۆیی، تەکنۆلۆژیا، مرۆڤی مۆدێرن

فریتز پاپێنهایم
لە ئینگلیزییەوە: هاوڕێ یووسفی



ڕۆمانۆ گواردینی لە سەرەتای کتێبەکەی لە ژێر ناوی دەسەڵات (die Macht)،(power)دا دەنووسێت: «سەردەمی مۆدێرن لە ئاستە گشتی و بنەڕەتییەکانیدا کۆتایی هاتوە». ئەم دەربڕینە دەرخەری هۆشیارییەکی گەشەکەرە کە لە پێوەندیدا بەم بابەتەوە بوونی هەیە و لە ڕێگەی بەشێکی هەرە زۆری نووسەرانی هاوچەرخەوە باس کراوە. زۆربەی ئەم نووسەرانە ئاماژە بە گۆڕانی شێوازی ڕوانینمان بە نیسبەت ماشێنەوە دەکەن. ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە باوەڕ بە بەرکەتی پێشکەوتنە تەکنۆلۆژیکییەکان کە بوونەتە هۆی بەرتەسکبوونەوەی ڕوانین و دونیابینیی ئەمڕۆ، بە شێوەیەکی گەشەکەرانە سست بوونەتەوە و بوونەتە هۆی ئەوەی بە ڕوونی و ژیرییەکی زیاترەوە کێشمەکێش و ململانێی نێوان ماشین و ڕۆحی مرۆڤ ببینین.

زۆر کەس لە ئەورووپا و لەم وڵاتەدا [ئەمریکا] هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی ماشین هەڕەشەیە بو سەر بەها ڕۆحی و مینۆکییەکانی مرۆڤ و ئەستەمە پێ لەوە بنێن کە چۆن باوەڕی پتەو بە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیک ئیلهامبەخشی بەرەی ڕابردوو بوە. ئەم باوەڕە بە تەکنۆلۆژیا لە دۆخێکەوە سەرچاوەی وەرگرتبوو، کە مرۆڤ لە سەدەکانی پاش لەبەریەکهەڵوەشاندوەنەی جیهانیی سەدەکانی ناڤین لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بوەتەوە. تاک/ مرۆڤ کە تا ئەو کات خۆی بە بەشێکی جیانەکراوە لە سیستەمی گشتی و هەمەگیر دەزانی کە کۆی بوونایەتیی مادی و مینۆکیی ئەوی دەگرتەوە، تێگەییشت لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکەنراوە و لە خانە و لانە میتافیزیکییەکەی خۆی کە ئەوەی لە ڕۆژگارانێکدا یەقینە ئایینە خۆڕاگرەکەی دالدەی دەدا دوور کەوتوەتەوە. ئێستا ئەم بوونەوەرە ڕاونراوە ناچار بوو خانەیەکی نوێ بۆ خۆی دەستەبەر بکات، کە بنەڕەتەکەی نەک لە جیهانی هیواکاندا، بەڵکوو لە ناو ژیانی ئەم جیهانەدا بێت. هەنووکە بەرپاکردنی ئەم لانەیە عەرزێکی گەرم و دڵنیاکەرتر بۆ ئەو ببوو بە خەباتێکی جیدی و ناچارەکی. مرۆڤ دەیتوانی بە نیسبەت ڕادەی سەرکەوتنی لە تێگەییشتن و زاڵبوون بە سەر هێزەکانی سروشت و کەڵکلێوەرگرتنیان بۆ مەبەستەکانی خۆیان پەرچەکردار بنوێنێت. بەم جۆرە بوار بۆ ئەوەی مرۆڤ پەنا بباتە بەر ماشین فەراهەم بوو و وا دەردەکەوت حوکمڕانیی ماشین هاوار و بانگی دەسەڵاتدارێتی و سەربەخۆییی مرۆڤ بێت. پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیک لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤ ببوون بە یەک.

ئەگەرچی وێناکردنی مرۆڤ لە قەبووڵکردنی هیوادارانەی بۆ ماشین لەگەڵ سەدەکانی ناڤیندا جیاوازە، بەڵام دژە ئایینی نییە. ئەم وێناکردنە چییەتیی سەرەکیی بیرکردنەوەیەک پیشان دەدات کە پاش هەبابوونی دونیابینیی سەدەکانی ناڤین گەشەی کرد، بیرکردنەوەیەک کە لە ڕێگایەک دەگەڕا بە هەر دوو دیودا دوور بێت لە ڕامانە ئایینییەکان و دونیاپەرەستیی مادی. ئەم پێوەندییەی نێوان بیرکردنەوە ئاینییەکان و ڕێزگرتن لە کار وەک دەستوورێک وای لە ماکس ڤێبێر و قوتابجانەکەی کرد کە لە بیناکردنی سیستەمی سەرمایەداریدا تێزێک پێشکەش بکەن، کە ئاوابوونی سەرمایەداری ئەنجامی ئەخلاقی پرۆتێستان بوە. ئەگەر چی لەبەر کۆمەڵێک هۆکار کە باسکردنیان لێرەدا موومکین نییە، ئەم پێشگریمانەیە ناتوانێت وەک دەربڕینی مێژووی نوێی سەرمایەداری پەسەند بکرێت، بەڵام حەقیقەتێکە کە لە بەرگریکردن لە بەرهەمهێنانی ماشینیدا گەلەک جار بەڵگاندنە کەلامییەکان وەک کاریگەرترین ڕێگای بەروبوومداریی ئەو زەوییەوە کە لە ڕێگەی پەروەردگارەوە پێمان بەخشراوە، پێشکەش دەکرێت.

ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە تایبەت نەبوە بە سەرەتاکانی خولی پیشەسازی، بەڵکوو تا ئەم سەردەمەی ئێستایش درێژەی هەبووە. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بکەین بۆ کتێبێک لە ژێر ناوی (ئەخلاق و سەرمایەداری) کە چەند ساڵ پێش دەستپێکردنی جەنگی جیهانیی یەکەم بە دەستی (گوتفرید ترووب) نووسرابوو.



مرۆڤ لە سەردەمی تەکنۆلۆژیادا لە نامۆ بوون بە خۆی، بە کاری خۆی، بە واقیعی کۆمەڵگا و سروشت نوقم بووە

بۆ نووسەر [واتە گودفرید ترووب] وەک زانایەکی تیۆلۆژیکیی ئایینیی پرۆتێستان و سەرجەمی ئەوانەی کە هۆگری ئەخلاقی مەسیحین بەتەواوی ئاشکرایە کە دەبێت هەر سەرکەوتنێکی تەکنۆلۆژیا پەسەند بکەین و بە پێڕەوییەوە بچین. پرووب بەڵگاندن [بۆ ئەوە] دەکات بۆ سەرکەوتن بە سەر دۆخی باوکسالارانە و مێتۆدە کۆن و کۆنکەوتەکانی بەرهەمهێنان پێویستە کە کاراترین ئامرازەکان و شێوازەکان بە کار بهێنین، ئەو مێتۆدانەی باشترین ئەنجام و پێشکەوتووترین فۆڕمی بەڕێوە بردن ئەگەردار دەکەن. نابێت هیچ کات چاوپۆشی لە پێوەندیی چڕوپڕی نێوان تەکنۆلۆژیا و شێوازی حەقیقی ژیانی مرۆڤ بکەین. دەبێت لەم ڕاستییە تێ بگەین هەوڵدان لە ڕێگەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە لەو ئامانجە گرینگترە کە ژیانی ڕووکەشی و ڕواڵەتی خۆمان هاسانتر بکەینەوە: ئەمە ڕێگەیەکە بۆ پەرستنی خودا. وا دەردەکەوێت ئەمڕۆ باوەڕ و ئیمانی ئێمە لە پێوەندیدا بە ماشینەوە زۆر کەمترە لە ڕابردوو و تەنانەت زۆربەی هاوچەرخانی ئێمە بە زەردە بزەیەکەوە بە نیسبەت چەمکی پێشکەوتنەوە دژکردەوە دەنوێنن. ئەم گۆڕانە هەڵبەت بە یەک شەو ڕووی نەداوە. تەنانەت لە ڕابردوودا کە دەسکەوتەکانی تەکنۆلۆژیا بە بۆق و کەڕەناوە ستاییش دەکران، هاوکات دەنگە بە ئاگاکەرەوە و گومانکارانەکانیش دەبیستران. بەڵام لەو ڕۆژانەدا تۆمەت دژی ماشین بەتەواوی جیاواز بوو لەو بانگەشەنامانەی کە ئەمڕۆ دژی دەردەکرێت. لە ڕابردوودا زۆرتر لە لایەن ئەو کەسانەوە دەکرا کە کاریگەرییە خێراکانی کۆمەڵگا پتر شێواندبوونی تا کاریگەرییە بەتینوتوندەکان لە سەر ڕۆحی مرۆڤەکان. هەڵبەت هەندێک نووسەری خەیاڵچی بێزار لە ناشیرینی و یەکدەستیی ژیانی ماشینی هەبوون کە ڕوویان کردبووە کارگە بچووکە گوندیانەی پیشەچییەکان یاخود حەسرەتیان بۆ کێڵگەیەکی ئارام دەخوارد کە تێیدا پیاوی لادێیی زەوییەکەی دەکێڵا. لە هەر حاڵدا ئەم هەستی دڵتەنگییە بۆ ڕابردوو لە بەرانبەر شۆڕش دژی ماشین کە سەرچاوەکەی بۆ



**ئەم پێوەندییەی نێوان بیرکردنەوە ئاینییەکان و ڕێزگرتن لە کار وەك دەستوورێك وای لە ماکس ڤێبێر و قوتابجانەکەی کرد کە لە بیناکردنی سیستەمی سەرمایەداریدا تێزێك پێشکەش بکەن، کە ئاوابوونی سەرمایەداری ئەنجامی ئەخلاقی پرۆتێستان بوە**

باری ئەستەمی ژیانی هەندێک کەس گەڕابووەوە کە بوون/هەستیان لە ڕێگەی مێتۆدە گۆڕراوەکانی بەرهەمهێنانەوە بەر هەڕەشە کەوتبوون، گرینگییەکی ئەوتۆی نەبوو. باشترین بەڵگاندنەکان لە سەر ئەمەی کە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا بە مانای پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی [ئاستی] ژیانی مرۆڤ و ئازادی و ڕزگاریی ئەوانە نەیدەتوانی لە وەحشەت و ترسیان کەم بکاتەوە. کرێکارانی هەڕەشەلێکراو و وەحشەتلێدراو بەردەوام ئامرازە ماشینییەکانیان بە دوژمنانی خۆیان دادەنا؛ و هەندێک جار ڕقیان وەک شۆڕشگەلی تووڕە سەری هەڵدەدا کە ئەنجامەکەیان دەبوە تەقاندنەوەی بڕێکی بەرچاو لەم کەرەستە و ماشینانە. گرژبوونەوەی مەترسییەک کە کرێکاران لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بوون لەو فەرمان و حوکمانەی سەدەکانی هەڤدەهەم و هەژدەهەمەوە کە لە سەر قەدەغەکردنی کەڵکوەرگرتن لە ماشینەکانی چنینی تەسمەیی لە ئاڵمانیا و ئینگلیزدا خۆیان دەرخستوە و نیشان داوە. بە پێی ڕاپۆرتێک کە لە ڕێگەی ئابێ لانسلۆتییەوە لە 1579دا نووسراوە سەرۆک شارەوانیدا نزیک فەرمانێکی نهێنیی دەرکردوە تا داهێنەری ماشینێکی گەلەک داهێنەرانەی چنین تیرۆر بکەن. ئەمڕۆ هێرش بۆ سەر فیکرەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیک پتر لە لایەن کۆڕ و کۆمەڵە ئابوورییەکانەوە ناکرێت، بەڵکوو لای ئەو گروپانەوە دەکرێت کە خەمخۆر و نیگەرانی بەها مینۆکی و کولتوورییەکانن. ئەم ڕەخنەگرانە باوەڕیان بە هەبوونی ئەنتیتێزێکە لە نێوان تەکنۆلۆژیا و ڕۆحی مرۆڤدا، بۆشاییەک کە هیچ کات ناکرێت پڕ بکریتەوە یان پردێکی بۆ دابنرێت. لە ئەنجامدا، ئەوان لەو باوەڕەدان ئێمە بووینەتە قوربانیی پێشکەوتنێک کە بوەتە نەسیبی تەکنۆلۆژیا بەڵام ئێمە لە هەمبەر ئەودا دۆڕاندوومانە. ئەم ڕاونینە بەدبینانە کە لە ڕێگەی هەندێک نووسەری وەک ڕاتینۆ، شپێنگلێر، ئۆرتێگایی گاست و هووزینگاوە دەربڕرا و لە چارەکی یەکەمی ئەم سەدەیەدا بە شێوەیەکی فراوان بڵاو بوویەوە، لەو کاتەوە تا ئێستایش دەستبەرداری زەینەکانمان نەبوە. ئەم ڕوانینە بابەتی سەرەکیی زۆربەی باسە زانستییەکانە کە تیایاندا فەیلەسووفان و زانستڤانانێکی بەرجەستە لە نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا بەشداریی تێدا دەکەن. دووهەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژینۆ لە 1947دا تەرخان کرا بۆ بابەتی «پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنی ئەخلاق». ناوی کۆنفرانس دەرخەری ئەوەیە یەکبوون و بەرابەری پێشکەوتنی مرۆڤ و تەکنۆلۆژیا چیدی پرەنسیپێکی بەڵگەنەویست نییە. دوو ساڵ پاش ئەمە لە کۆبوونەوەیەکی تری کۆمەڵناسەکاندا کە لە گرووپێک

لە ئابووریزانان و کۆمەڵناسی ئەمریکی، ئینگلیزی و فەرەنسی پێکهاتبوون پرسێکی هاوشێوەی ئەمە لە ژێر ناوی «پیشەسازیبوونەوەی تەکنۆکراسی» کەوتە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە و لە 1953یشدا کۆمەڵێک لە پێشڕەوانی کۆمەڵگای ڕۆشنبیریی ئاڵمانیا لەوانە ڕۆمانۆ گواردینی، وێرنێر هایزنبێرگ و مارتین هایدێگێر کۆبوونەوەیەکیان لە مۆنیخدا پێکهێنا و لە سەر پەیوەندیی نێوان هونەر و تەکنۆلۆژیا دوان و ڕاوبۆچوونیان گۆڕییەوە.

لێرەدا ناتوانین وەسف و شرۆڤەی ئەم کۆنفرانسە و ئەو نووسینە زۆرانەی کە پەیوەندیی نێوان تەکنۆلۆژیا و بەها مرۆییەکانیان خستوەتە بەر باس و خوێندنەوە، بکەین. ئێمە تەنیا هەوڵ دەدەین کورتەیەک لە بنەبان و چییەتیی باسەکان و ئەو بەڵگاندنانە لێرەدا بهێنینە ئاراوە کە لە ڕێگەی کۆمەڵێک کەسەوە کە لە ڕوانگەیەکی بەدبینانە لە پەیوەندیدا بە کاریگەرییەکانی گۆڕانکارییە تەکنۆلۆژیاییەکانەوە موتوربە کراوە. ئەم بەدبینانە دەڵێن تەکنۆلۆژیا نەیتوانیوە ئەرکی خۆی کە [بریتییە لە] بەهێزکردن و تواناکردنی مرۆڤ لە شێوەبەخشین بە ژیانیدا بەرێوە بەرێت. ڕەنگە کاری ئێمە هاسانتر و بەردارتر بوو بێتەوە، بەڵام لە عەینی حاڵدا ناشەخسی و بوەتە هۆی داگەڕان و لەناوچوونی کەسایەتیی مرۆڤ و ئەم لەناوچوونی کەسایەتییە بوەتە هێزێکی مەترسیدار. ژیان و بیرکردنەوەی ئێمە تەنانەت لە دەرەوەی پرۆسەی کاریشەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو و سەرچەشنئاسا بوەتەوە. ئایا ئێمە کاتەکانی فیراغمان بۆ باڵاکردن و جیسمانبەخشین و نیشاندانی تایبەتمەندییە کەسییەکانمان تەرخان دەکەین کە ناچارین لە ڕەوتی کاردا، چ لەو فرۆشگا و کارخانە و دایەرەدا، سەرکوتیان بکەین؟ یان پێمان باشە لەو بەگژاچوونەوەیە خۆمان لا بدەین کە ڕۆڵی هەیە لە باڵاکردنی بەها کەسی/ شەخسییەکان و دەستراگەیشتن بە گشتێتی و هەمەگیرێتیی خۆیدا؟ قبووڵ و پەسەندکردنی ئەم بابەتە ئەستەمە. بەڵام کارگێرانی هالیڤۆدیش هەڵەیان نەدەکرد ئەو کاتەی کە پێیان لە سەر گرینگیی ڕاکێشانی چوونیەکسازی و سەرچەشنەوەرگرتن دادەگرت و کاتێک دەکەوتنە بەردەم ئەم ڕەخنەیەوە کە کواڵیتی و چۆنێتیی فیلمەکانیان لە خوارەوەیە بە ئارامی و لەسەرخۆ لە وڵامدا دەیانگوت: ئەمە شتێکە خەڵک پێیان خۆشە، ئێمە شتێکیان پێ دەدەین کە حەزیان لێیەتی و پەسەندی دەکەن. ئەم ڕەوتی سڕینەوەی کەسایەتییە _ هێشتا ئەم باسە بەردەوامە_ گرۆیەتیی ناخەکیی سەردەمی ماشین دەنوێنێتەوە کە لە حاڵەتی زیندوو و ئۆرگانیکیی دوور و بەرەو فۆرمی میکانیکی مل دەنێت. وا جیهانێکی کەرەستەئاسا پێویستی بە



**هەڵبەت هەندێك نووسەری خەیاڵچی بێزار لە ناشیرینی و یەکدەستیی ژیانی ماشینی هەبوون کە ڕوویان کردبووە کارگە بچووکە گوندیانەی پیشەچییەکان یاخود حەسرەتیان بۆ کێڵگەیەکی ئارام دەخوارد کە تێیدا پیاوی لادێیی زەوییەکەی دەکێڵا**

یاسامەندییەکی دەقبەستوە کە وەک جۆرێک ڕوانینی کاریگەر دەجووڵێت. لێرەدایە ژیان چۆنێتیی فریودەرانەی خۆی لە کیس دەدات و سروشت چیتر ڕەمزێکی نییە لە خۆیدا، بەڵکوو پڕ و لێوڕێژە لە ئەستەمایەتی و دژوارییەکان. هەموو شتێک لەوانە مرۆڤ، پێشبینیگر و بەراوردکراوە و ئەم ڕەوتە بەردەوام مرۆڤ بەو جۆرە خیتاب دەکرێت، ئێمە تەنیا لەگەڵ هەڵەیەکی سەرزارەکی و کەمتەرخەمیی زەماندا ڕووبەڕوو نین. هەندیک لە ڕەخنەگرانی تەکنۆلۆژیا جەغد لەوە دەکەنەوە، ئەم لەناوچوونی کەسایەتییە و پەستایەتیی کاسبکارانە لە دەرەنجامدا بەرەو بێهەستییەکی گەشەکەر دەڕوات، کە ڕۆمانۆ گواردینی لە بەرزاییەکی زۆرە دەکرێت، جیاوازە. دوکمەیەک لێ دەدرێت و سەدان هەزار مرۆڤ لە ناو دەچن.

بە ڕادەی پێویست کۆی ئەمانە نائومێدکەرن، بەڵام ئەوەی تەنانەت ئاسۆ و پێشبینیی ڕەخنەگرانی بێهیواتر دەکات باوەڕی پتەوی ئەوانە کە هیچ ڕێگەیەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە



تەکنەلۆژیا؛ لە خزمەتی مرۆڤەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئیرادەی مرۆڤ

و نەبڕاوەی بەراوردکردنە ئەگەر تەنیا کورت بکرێتەوە بۆ ماتریالەکان و ماشین و مرۆڤ نەگەڕێتەوە شکست دەهێنێت. بەم پێیە پێویستە تاکەکان لە تاکێتیی خۆیان بەتاڵ ببنەوە و وەک ماتریالەکان کەڵکیان لێوە بگیرێت. وەکی تر کاتێک کە لە هەندێک ناوی وەک «ماتریالی زانستگە و ماتریالی کلینیک» ئاماژە بۆ نموونەیەکی بەرجەستەی ئەم هەستی کەسەر و بێحاڵییە وەک بەدواهاتی سەردەمی ماشین دەکات. لە ڕابردوودا کاتێک کەسێک کەسێکی تری دەکوشت، بۆ خۆی هەستی بە ناشیرینی تەواوی کارەکەی لە هەناوی خۆیدا دەکرد، بەڵام دۆخەکە کاتێک کە کوشتار بە جۆرێکی کردەیی لە ڕێگەی فڕۆکەوە یاخود ڕزگاربوون لە ئاراستەگیرییەکانی ماشینیبوونەوە و کەسایەتیی سڕینەوە نییە. ئەوان لەو باوەڕەدان ناکۆکیی تراژیک بەشێکی جەوهەرییە لە پێشکەوتن و تەکنۆلۆژیا: ماشین کە بۆ خزمەت بە ئامانجەکانی مرۆڤ هاتە بوون، بوو بە خاوەن وا دەسەڵاتێک کە لە هەمبەر خواست و ئیرادەی ئەودا

پتەو و قایم بووەوە. لە جیاتیی هاریکاری لە ڕێگەی دروستکردنی سەربەخۆییەوە بۆ مرۆڤ بە سەریدا زاڵ بوو. وا دەردەکەوێت پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیک _ هەر چەندە لە ڕێگەی مرۆڤەوە مەیسەر بوو و گەیشتە ئەنجام _خۆی لە ژێر فەرمانی ئەو ڕزگار کردوە و بە پێی یاسا جەوهەرییەکانی دوای ڕێگای خۆی کەوتوە. دۆشداماو و لاوازیی خۆمان لە هەمبەر ئافرێنراوی خۆمان بە شاگردیکردنی جادووگەرێک دەچێت کە بە وەحشەتەوە لەو هێزانەی کە خۆی ڕزگاری کردوون دەڕوانێت و ناتوانێت حوکمیان بکات و بە بێهیواییەوە هاوار دەکات: ناتوانم ئەو ڕۆحانە دەربکەم کە خۆم هێنامن و بانگم کردوون.

ئێستا دەمانەوێت ئەم بانگەشەنامە دژی سەردەمی ماشین گردوکۆوە بکەین. مرۆڤ چیتر ناتوانیت خۆی لە کارەکەیدا دەرببڕێت و پیشان بدات. ماشینیبوونەوەی گەشەکەری ژیان بوو بە هۆی ڕوانینێکی بەراوردکارانە لە بەرانبەر سروشت و کۆمەڵگادا و لق و زنجیرەکانی یەکریزی و پێوەندیی لەگەڵیاندا پساندوە. جیهانی ماشینی ڕێگای خۆی دەپێوێت و لە ڕێبەرایەتیی مرۆڤ دەرچوە. لە ئەنجامدا ئەم بانگەشە نامەیە بەرەو ئەم حوکمە بنبڕە دەڕوات کە مرۆڤ لە سەردەمی تەکنۆلۆژیادا لە نامۆ بوون بە خۆی، بە کاری خۆی و واقیعی کۆمەڵگا و سروشتدا نوقم و ڕۆچوە. ئەم ڕەخنەیە گەلێک بنەڕەتیتر و هەمەگیرترە لەو گلەیی و گازندەی لە ڕابردوودا دەربارەی ڕەنگدانەوە فەردی و تاکییەکان و تاک و تەراکەوتووەکانی بڵاو بوونەوە و پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیا لە سەر زمان و زارەکان بوو. ئەم [تۆمەتانە] ناتوانێت بەو بەڵگاندنانەی لە ڕابردوو لەبەرگریکردندا لە ماشین پێشکەش دەکرا ڕەت و بەتاڵ بکرێتەوە. لە سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا دەگوترا کە کۆمەڵگای نوێ و تازە لە بەردەم پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیادایە بەم پێیە نابێت گلەیی لە هەندێک ئەزموونگەلی ناخۆشی ئەم پێشکەوتنە بکرێت بەڵکوو دەبێت ئەوانە وەک ڕەنجگەلێک کە لە بنەڕەتدا بە ڕەوتێکی تەندروست و بێمەترسییەوە پێوەندیدارن قەبووڵ بکەین کە بڕیار وایە و دانراوە لە ڕەوتی پێشکەوتنی داهاتوودا لەناو بچێت. ئەوەی پێویست بوو بە تەنها ئامادەبوون بوو بۆ ڕاهاتن لەگەڵ ڕەنج و مەینەتیی کاتی و توانایی ڕووبەڕووبوونەوەی بنبڕانە لەگەڵیدا لە چوارچێوەی دروشمی :»بۆ پێشەوە بەرەو تەکنۆلۆژیای زیاتر». بەڵام ئەم وەڵامە، لە ڕۆژگاری ئێمەدا تەنانەت بە لای ئەو کەسانەوە کە بەرگری لە تەکنۆلۆژیایش دەکەن چیتر دڵخۆشکەر نییە. بەرگریی هەنووکە لە تەکنۆلۆژیا بەم جۆرەیە ئەو [تەکنۆلۆژیایە] لە بنەڕەتدا لە پێوەندیدا بەو ئامانجانەوە کە خزمەتیان دەکات بێلایەن و خەمسارده و لەم ڕووەوە دەتوانێت هەم بۆ ئامانجگەلی داهێنەرانە و دروستکەرانە بە کار بهێنرێت و هەم بۆ مەبەستی تێکدەر و کاولکارانەکان، دەتوانێت یارمەتیی مرۆڤ بدات هەم خۆی بدۆزێتەوە و هەم لە خۆی دابڕێت، تواناییی لەوەدا کە لەگەڵ واقیعەکانی سروشت و کۆمەڵگا پێوەندییەکی چڕوپڕ بگرێت یاخود لەگەڵیاندا نامۆ بێت. بەم پێیە بەدواهاتی ئەم بەرگرییە بەم جۆرەیە: گەر دەتانەوێت پەی بە ڕازی بەخۆنامۆیی مرۆڤ بەرن سەرنجی تەکنۆلۆژیا مەدەن و بە جۆرێکی واقیعی تر چاو لەو هێزانە بکەن کە بە هۆی سروشت و چیەتییەکیانەوە ناتوانن بێ کاریگەر و بەتاڵ بن، بەڵکوو لە ناکۆکی و خەبات بۆ دەسەڵات سەرچاوە دەگرن. بۆ نموونە، بۆچی چاو لە ڕەوتی پێگەییشتن [و پێشکەوتن و] پەرەدان و پەرەسەندنی ئەو دامەزراوە سیاسییانە و کاریگەرییە قووڵەکانیان لە سەر بوونیەتی مرۆڤ نەکەین؟

**سەرچاوە:**

1_ The Alienation of Modern Man by Fritz pappenheim_ Monthly Review press 1968